زانكۆی سەلاحەددین
كۆلێژی پەروەردە
بەشی زمانی كوردی

# رێزمانی فێركاری

## پۆلی یەكەم

## ٢٠٢٣ - ٢٠٢٤

## كۆرسی یەكەم

**سەرەتا :**

دیارە هەر زمانێك تایبەتمەندی خۆی هەیە لە زمانانی تر جیای دەکاتەوە ، چ لە لایەنی فۆنیم واتە لە ژمارە ، رێنووس ، رێزمان ئەویش دابەش دەبێتە سەر پێکهاتەی تر وەك وشەسازی و رستەسازیی ، کە هەر زمانێك یاسا و رێسای تایبەتی خۆی هەیە ٠

کە دەڵێین زمان ، ئەوە پێناسەی هەیە ، جۆری هەیە ٠

پێناسەی زمان :هۆیەکە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو بۆ لەیەکترگەیشتن و ئاڵوگۆڕی بیرورا و هەروەها بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان بەکاردێت ٠ واتە دەشێ بڵێین زمان واتە بوونی کۆمەڵ وکۆمەڵ واتە بوونی زمان ، واتە وەك دوو ڕووی دراوێك بەیەکەوە گرێدراون لێك ناترازێن ٠

جۆرەکانی زمان : بەشێوەیەکی گشتی بۆ گەیاندنی بیر لە دوو رێگاوە دەبێت ، ئەوانیش بریتین لە زمانی ئاخاوتن و زمانی نووسین ، هەروەها زمان گەلێك جۆری تری هەیە ، وەك ﴿ زمانی ئەدەبی ، زانستی ، یاسایی جەستەیی ، ٠٠٠ هتد ﴾


ئەگەر لە کەرەسەکانی زمان بدوێین ، ئەوە لە دانەی بچووك دەستپێدەکات و بەدانەی گەورە کۆتایی دێت ،

واتە پیت (فۆنیم ) ــــ برگە ــــ وشە ــــ گرێ (فرەیز) ــــ ڕستە

بەپێچەوانەشەوە ڕستە ، گرێ (فرەیز) ، وشە ، برگە ، پیت (فۆنیم) ٠

هەربۆیە زمان چەند ئاستێکی هەیە ، سەرەتا زمان دوو لۆنە ، واتە دوو ئاست بووە ، ئاستی دەنگ و ئاستی واتا ، دواتر بە پێی پێشکەوتن و و بیرکردنەوە وتێپەربوونی کات بووە بە سێلۆنە (دەنگ ، رێزمان ، واتا)

هە رچەندە ئێستا تێڕوانینێکی شەشلۆنە لە ئارادایە و بێگومان ئەمەش هەر لەسەر بنچینەی کۆنەکەیە ، چونکە هەریەك لە ئاستەکان دابەشدەبنەوە بەسەر پێکهاتەی تردا ٠ بۆ نموونە ئاستی دەنگ ، خۆی لە خۆیدا ئاستەکانی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجیش دەگرێتەوە ٠ هەر بەو پێیەش ئاستی رێزمان بریتی دەبێت لە وشەسازی و ڕستەسازی ، سێیەمیش کە ئاستی واتایە بە گشتی، دەبێتە ئاستی واتاسازی لە زۆر باردا هەر بە سیمانتیك ناوی دەبە ین ، لەگەڵ ئاستی ئاستی پراگماتیك ، وەك لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دەبینرێت :



پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ، ئاستەکانی زمان تێکچرژاون بەئاسانی لێك جیا ناکرێتەوە ، بەڵام بەمەبەستی لێکۆلینەوە لە روانگەی تیۆرییەوە جیاکراونەتەوە . دیارە هەر ئاستێك یەکەی تایبەت بە خۆیەوە هەیە ، یەکەکانیش بەپێی یاسا و دەستور دەچنە پاڵ یەك بۆ دروست کردنی یەکەی گەورەتر واتە بە پێی رێزمان بەرێوە دەچن ٠

زاراوەی رێزمان

لە کوردیدا زراوەی رێزمان بەکارهاتووە بەلاَم لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی ( القواعد)ە ، کەچی لە زمانی ئینگلیزیدا ئەوە ( Grammer) ە ٠

رێزمانیش ئاستێکە لە ئاستەکانی زمان کە لە هەردوولایەنی وشەسازیی و رِستەسازیی دەکۆلێتەوە ، لە رێزماندا باس لەو یاسایانە دەکرێ ، کە دەنگ و واتا بەیەك دەگەیەنێت ٠

یان رێزمان زانستێکە فێری ئاخاوتن ونووسینی زمانێکمان دەکات بە شێوەیەکی ڕاست و دروست ٠

یاخود رێزمان بریتییە لە پرۆسەی وەسفکردنی فرەیز و ڕستە ، بە جۆرێك کە بەدواییەك هاتنە رێزمانییەکان لە زمانێکی دیاریکراودا لە بەدواییەك هاتنە نارێزمانییەکان جیابکرێتەوە

لە زمانی کوردیدا ﴿ زمان ﴾ چەند واتای هەیە ؟

زمان دوو واتای هەیە :-

١- زمان ئەو ئەندامەی جەستەی مرۆڤە کە لە ناو دەما بوونی هەیە ٠

٢- زمان ( اللغە) Language

بەشەکانی ئاخاوتن – پۆلە وشە – کاتیگۆرییە لێکسییەکان

بەشەکانی ئاخاوتن ئەو مۆرفیمانەن ، کە بەشداری لە پێکهێنانی ڕستەدا دەکەن ، رێزمانی هەر زمانێك بە بەشەکانی ئاخاوتن دەستپێدەکات ، چونکە بەشەکانی ئاخاوتن وەك شتێکی هاوبەش وایە لە زۆربەی زماناندا ، ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی ترەوە بەشەکانی ئاخاوتن ئەو دانە فەرهەنگییانەن ، کە بە شێوەیەکی گشتی لە رێی رەفتاری وشەسازیی ( مۆرفۆلۆجی) و ڕستەسازییەوە ( سینتاکسییەوە ) دیاری دەکرێن ، مەبەست لە رەفتاری وشەسازیی ئەوەیە چۆنیەتی پۆلینکردنیان بۆ نموونە ناو بۆ ناوی گشتی ، تایبەتی ، سادە ،٠٠٠هتد پۆلین دەکرێت ٠ هەرچی رەفتاری ڕستەسازییە واتە ئەرکی بەشەکانی ئاخاوتن لە ڕستە وەك (بکەر ، بەرکار ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ ٠٠٠ هتد٠

بەشەکانی ئاخاوتن لە چ رێگەیەکەوە دیاری دەکرێن؟

و: لە رێگەی رەفتاری مۆرفۆلۆجی و سینتاکسییەوە دیاری دەکرێن ٠

لە رێزمانی دێریندا بۆ ئەوەی کاتگۆرییە لێکسییەکان بناسن بە ناوەرۆکی سیمانتیکەوە بەندبوو ، واتە لەسەر بنەمای واتا دەناسێنران ، ناو بەو شێوەیە پێناسە دەکرا : وشەیەکە بۆ دیاریکردنی ناوی کەس یاخود شوێن بەکاردێ ، هەروەها کردار (کار) بەمشێوەیە : ئەنجامدانی کردەوەیەکە ، ئاوەڵناویش : وشەیەکە گوزارشت لە تایبەتمەندێتی هەبوویەك دەکات ٠

واتە زمانەوانی نوێ بۆ دەستنیشانکردنی پۆلە وشە پشت بە پێوەری وشەسازیی وڕستەسازیی دەبەستێ ٠

مەبەست لە پێوەری مۆرفۆلۆجی لە دیاریکردنی کاتیگۆری وشەکان پشت بەو نیشانە ڕێزمانییانە دەبەستێ کە وشەکان وەری دەگرن وەك : ناسیاوی ، نەناسیاوی ، کۆ ،ڕەگەز ، دۆخ ... ، هەرچی پێوەری سینتاکسییە پشت بە دابەشبوون دەبەستێ لە ڕستەدا هەندێ بۆشایی یاخود چاڵ هەن تەنیا ئەندامانی پۆلێکی دیاریکراوی وشە دەتوانن پڕی بکەنەوە ، هەر پۆلە وشەیەکیش ئەرکێکی دیاریکراوی لە ڕستەدا هەیە .

بەشێوەیەکی گشتی پێوەرە زمانییەکانی دیاریکردنی پۆلە وشەکان بریتین لەمانەی خوارەوە :-

ئەو فۆرمە جیاجیانە چین کە وشەیەك لە دەوروبەری سینتاکسی جیاجیا وەری دەگرێ (مۆرفۆسینتاکس)

وشەکان لەکام شوێنی فرەیز یاخود ڕستەوە دەردەکەون ،چ کەرەسەیەکی زمانی دەبێ بە دیارخەر بۆیان ؟ دابەشبوون وشەکان لە فرەیز یان لە ڕستەدا چ ئەرکێکیان هەیە . بەمجۆرە پۆلە وشە لە ڕێزمانی نوێدا لە ڕێگەی فۆرم و دابەشبوونەوە جیادەکرێنەوە .

## پۆلە وشەی ﴿ناو﴾ ـ الاسم ـ Noun

ناو زاراوەیەکە لە پۆلکردنی ڕێزمانییانەی وشەکاندا بەکاردێت ، پۆلە وشەی ناو لە ڕێزمانی نوێدا چۆن شیکردنەوەی بۆ دەکرێ ؟ و// بە هۆی تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکانەوە ﴿ مۆرفۆلۆجی و سینتاکس ﴾ شیکردنەوەیان بۆ دەکرێ واتە ﴿ناو﴾ ئەو دانەیەیە کە توانای وەرگرتنی چەند نیشانەیەکی ڕێزمانی هەیە ، وەك ناسراوی ـ منداڵ + ە کە = منداڵەکە ، نەناسراوی، وەك ـ پیاو + ێك = پیاوێك ، .... هتد جگە لەم نیشانە ڕێزمانییانە ، ناو دابەشبوونێکی دیاریکراوی هەیە، ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت ناو دەشێ لە سەرەتای ڕستەدا بێت ـ ژنەکە گریا ـ کۆترەکە فڕی ـ

یاخود دوای ئامرازی بەندەوە بێت ، ـ قوتابییەکان لە هەولێرەوە بۆ دهۆك ڕۆیشتن ـ هەروەها ئەرکێکی دیاریکراویشی لە ڕستەدا هەیە،واتە ببێتە بکەر یان بەرکار یان ... هتد .

پۆلکردنی ناو لە زمانەکاندا تاڕادەیەك هاوشێوەن یان لە یەکترییەوە نزیکن بۆ نموونە لە ڕووی ڕۆنانەوە بۆ ( سادە ، دارێژراو لێکدراو ) و لە ڕووی ناوەرۆکەوە بۆ ( تایبەتی ، گشتی ، کۆمەڵ ) و لە ڕووی هەبوونەوە بۆ ( بەرجەستە، واتایی ـ بنجی و دروستکراو) و لە ڕووی ڕەگەزەوە بۆ ( نێر ، مێ ، دوولایەن ، بێلایەن ) و لە ڕووی ژمارەوە بۆ بۆ ( تاك ، کۆ )... هتد پۆلین کراوە ، واتە هاوشێوەی یەکترن ، لای هەندێ ڕێزماننووسە کوردەکان هەمان پۆلکردنی ناو هەیە .

ناو بە هەموو جۆرەکانیەوە دەتوانن بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە نیشانەکانی ناسراوی و نەناسراوی و کۆ وەربگرن بێ جیاوازی .

| | | |
|---|---|---|
| ناوی گشتی | نیشانەی ناسراوی | ئاوەکە ساردبوو. |
| | نیشانەی نە ناسراوی | منداڵێك هاتە ژوورەوە . |
| | نیشانەی کۆ | منداڵەکان لە باخچەکەدا یاری دەکەن. |
| | | |
| ناوی تایبەتی | نیشانەی ناسراوی | پەروینەکەی من دەیناسم نەخۆشە. |
| | نیشانەی نە ناسراوی | بۆچی ئەنیسەیەکی لاوازت بۆ جێهێشتم. |
| | نیشانەی کۆ | پەروینەکان خەڵات کران. |
| | | |
| ناوی کۆمەڵ | نیشانەی ناسراوی | لەشکرەکە گەیشتەجێ. |
| | نیشانەی نە ناسراوی | هەموو میللەتێك بۆ ئازادی تێدەکۆشێ. |
| | نیشانەی کۆ | دەنگی ئازادی گەلان رائەپەڕێنێ. |

| | | |
|---|---|---|
| ناوی مەعنەوی | نیشانەی ناسراوی | هێزەکەی ئێمە دڕندانە نەبوو. |
| | نیشانەی نە ناسراوی | هێزێکی دا بەخۆی و کەوتە ڕێ. |
| | نیشانەی کۆ | هێزەکانی پێشمەرگە سەرکەوتنیان تۆمار کرد. |
| | | |
| ناوی مێ | نیشانەی ناسراوی | کچەکە لە پرکۆچی کرد. |
| | نیشانەی نە ناسراوی | کچێك بەیەکەم دەرچوو. |
| | نیشانەی کۆ | ئەوان کچەکانیان خۆشدەوێت. |
| | | |
| ناوی نێر | نیشانەی ناسراوی | پیاوەکە مرد. |
| | نیشانەی نە ناسراوی | پیاوێکیان کوشت. |
| | نیشانەی کۆ | پیاوەکان چوون بۆ هەندەران. |

| | | |
|---|---|---|
| ناوی بێلایەن | نیشانەی ناسراوی | ئارام لە ژوورەکەدا دانیشتبوو. |
| | نیشانەی نە ناسراوی | دارێك کرمی لە خۆی نەبێت عومری سەد ساڵە. |
| | نیشانەی کۆ | ژوورەکانیان پاککردەوە. |
| | | |
| ناوی دوولایەن | نیشانەی ناسراوی | مامۆستایەکە هاتە ژوورەوە. |
| | نیشانەی نە ناسراوی | قوتابییەك نەهاتبووە پۆل. |
| | نیشانەی کۆ | قوتابییەکانیان برد بۆ سەیران. |

ناو بە هەموو جۆرەکانیەوە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانن ئەرکی بەشەکانی ناو ڕستە ببینن ، وەك ( بکەر ، بەرکار ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ ، ... هتد )

| | | |
|---|---|---|
| ناوی گشتی | بکەر | قوتابییەکە شیعرەکەی خوێندەوە. |
| | بەرکار | ئاکام خانوەکەی کڕی. |
| | بەرکاری ناڕاستەوخۆ | هەژارەکە پارەکەی لە پیاوەکە وەرگرت. |
| | | |
| ناوی تایبەتی | بکەر | شێرکۆ بە ترسەوە هاتە ژوورەوە . |
| | بەرکار | ئازاد شێرکۆ دەناسێ. |
| | بەرکاری ناڕاستەوخۆ | ئازاد کتێبەکەی لە ئازاد وەرگرت. |
| | | |
| ناوی کۆمەڵ | بکەر | لەشکرەکە گەیشتەجێ. |
| | بەرکار | سەربازەکان لەشکرەکەیان لەناوبرد. |
| | بەرکاری ناڕاستەوخۆ | پیاوی دڵسۆز سودی بۆ میللەت هەیە. |
| | | |
| ناوی بەرجەستە | بکەر | گۆڤارەکان بێ خاوەن لەسەر مێزەکە مابوونەوە. |
| | بەرکار | دارەکەی لە ئاوەکە دەرهێنا . |
| | بەرکاری ناڕاستەوخۆ | ئەم خانووە لە بەرد دروستکراوە . |

پێویستە ئاماژە بەوەبکرێ کە کاتیگۆری ناو لە هەموو کاتیگۆرییەکانی تر چالاکترە واتە زیاتر بەکاردێت ، چونکە دەوروبەرمان بە ناو دەورە دراون ، هەروەها ناو کاتی تێدا نییە وەکو کار نییە .

## پۆلە ڕێزمانییەکانی ناو

### جێندەر (ڕەگەز)

لەزۆربەی زمانەکاندا ناوی جێندەری جیاجیا ی هەیە ( نێر ، مێ ، بێلایەن ، دوولایەن ) ئەمجۆرە پۆلکردنە لە بنەرەتدا پۆلکردنێکی ریزمانییە ، واتە کەمتر پەیوەندی بە تایبەتمەندییە واتاییەکانی ناوەوە هەیە .

نیشانە جێندەرەکان لە هەموو زمانەکاندا لکانیان وەك یەك نین ، بۆ نموونە لە هەندێك زماندا نیشانەجێندەرییەکانی بە ناوەوە دەلکێن وەك لە زمانی ئیتالیدا ، لە هەندێ زمانی تردا وەك زمانی فەرەنسی ناوی جنسی نێر و مێی هەیە ، بەلاَم نیشانە جێندەرییەکانی بە ناوەکەوە نانوسێن ، بەڵکو دەچنە سەر ئامرازی ناسراوی ، هەرچی لە زمانی عەرەبیدا، ئەوە نیشانەکانی رەگەزی مێ دیاریکراوە ( ت ) بەکارەوە دەلکێ ، وەك جلست فاطمة ، ( ة) بە ناوە دەلکێ وەك ( فاطمة ، شجرة) ئەلفی مێینە (سلمى ، هدى ) ، ئەلفی مێینەی درێژ (حسناء ، وفاء ، صحراء) ئەم پۆلکردن و جیاکردنەوەیە بە تەواوی بەندە بە ڕێزمانەوە ، ئەم نیشانانە لە زمانی کوردی دا بوونیان نییە .

سەبارەت بە زمانی کوردی ، لە کوردی ناوەڕاستدا جیاوازی جێندەری لە گیرەکی وشە دارێژ و گیرەکی ڕێزمانیدا نییە ، بەو واتایەی گیرەکی تایبەت بە مێ یان نێر نییە . بەلاَم لە کوردی ژورودا بۆ نموونە لە دۆخی خستنەسەردا ناوی نێر و مێ نیشانەی جیاواز وەردەگرن ، بۆ نموونە نیشانەی (ێ) بۆ نێر بەکاردێت ، وەك ﴿ برایێ من ، هەڤالێ تە ، خانییێ مە

وە نیشانەی ( أ ) بۆ مێ بەکاردێت ، وەك کچا سەربەستی ، زەڤییا بەر مالا

هەرچی لە دۆخی بانگکردندا ، ئەوە نیشانەی (ۆ ) بۆ نێر یەکاردێت ، وەك ـ کوڕۆ ، بابۆ ـ ، بۆ مێ نیشانەی (ێ) بەکاردێت وەك ، کچێ ، دەلالێ ، بەلاَم لە ناوی تایبەت دا ئەوە نیشانەی ( ی ) بۆ نێر ، بۆ نموونە لەزگینی دەرس نڤیسی ، برایێ ئازادی هات وە نیشانەی (ێ) بۆ مێ بەکاردێت ، وەك نازدارێ پەز دۆشی ــ شیرینێ تەشی ڕێست

### دۆخ

دۆخ تایبەتمەندییەکی ڕێزمانییە ، ئاماژە بە پەیوەندی ڕێزمانی یان ئەرکی ڕێزمانی فرەیزێکی ناوی لەڕستەدادەکات .

مەبەست لە دۆخ چییە؟پاشان ئاماژە بەچی دەکا ؟ و// دۆخ تایبەتمەندییەکی ڕێزمانییە، ئاماژە بە پەیوەندی ڕێزمانی یان ئەرکی ڕێزمانی فرەیزێکی ناوی لە ڕستەدا دەکا .

کاتێك دەڵێین ئەرکی ڕێزمانی فرەیزێکی ناوی لەڕستەدا ، واتە ئەوە نیشان دەدا کە فرەیزێکی ناوی ببێتە بکەر یان بەرکار ... هتد ، ئەمەش ئاماژە بەو پەیوەندییە دەکا کە فرەیزی ناوی لەگەڵ کاردا هەیەتی .

لە هەندێك زماندا بۆ نموونە ﴿ تورکی ، روسی ، لاتینی ﴾ وشە بەپێی ئەو ئەرکەی لە ڕستەدا هەیەتی شێوەیەکی تایبەتی وەردەگرێ بە دۆخ ناودەبرێ . لەم جۆرە زمانانەدا چۆنیەتی ریزبوون و بە دواییەکداهاتنی کەرەسەکان کار ناکاتە سەر واتای ڕستە . نیشانەکانی دۆخ دەچنە سەر فریزە ناوییەکان و ئەرکی ناوەکان لە ڕستەکەدا دیاری دەکەن .

لە زمانی لاتنی دا پاش و پێش کردنی کەرەسەکان کار ناکاتە سەر واتای ڕستەکە ، یەهۆی ئەوەی فرەیزەناوییەکان لە ڕێگەی نیشانەکانی دۆخەوە ئەرکەکانیان دیاریدەکرێن ، بەم پێیە دۆخ تایبەتمەندی فرەیزە ناوییەکانە کە ئاماژە بە ئەرکە ڕێزمانییەکانیان لە چوارچێوەی فریز یان ڕستەدا دەکا . ریزبوونی کەرەسەکان لە هەندێك زمانیشدا ـ ریزبوونی وشە ـ ئەرکی کەرەسەکانی ڕستە دیاریدەکا ، لە زمانی کوردی ناوەڕاستدا فرەیزە ناوییەکان بە پێی دابەشبوونیان واتە ئەو شوێنەی تێدا دەردەکەون ، دۆخی ڕێزمانی وەردەگرن ، واتە کاتێك کە لە ڕێگەی نیشانە ڕێزمانییەکانەوە دۆخەکانی ناو دیاری ناکرێن ، ئەوە ریزبوونی کەرەسەکانی ڕستە دەبێ بە نیشانەی دۆخ بۆ ناوەکان .

ناسراوی و نەناسراوی

ناو چەمکی ناسراوی ونەناسراوی لە زمانەکاندا هەیە ، ئەم دوو چەمکەش نیشانەی ڕێزمانی جیاوازییان هەیە و نیشانەکان تایبەتن بە ناو بە تایبەتی لەگەڵ ناوی گشتیدا ، هەرچەندە بە ئاوەڵناوە دەلکێنرێ بەڵام لەگەڵ ناودا چالاکترە . لە زمانی کوردی ناوەڕاستدا نیشانەی ناسراوی بریتییە لە ﴿ەکە﴾ بەمەبەستی ناساندن دەچێتە سەر ناو (ەکە) نیشانەیەکی چالاکە زۆرجاریش ئەلەمۆرفەکانی وەك ﴿ کە ، یەکە ، ەك ، ە ﴾ لە جیاتی ﴿ەکە﴾ بەکار دێن و ئەرکەکە جێبەجێ دەکەن .بۆ نموونە ( نان + ەکە = نانەکە ) ( چرا + ەکە = چراکە /چرایەکە) (شایی + ەکە = شاییەکە ) ( شەهید + ەکە + ان = شەهیدەکان) ( دایك + ە =دایکە ) دوور نییە ئەم نیشانەیە ( ە ) کورتکراوەی نیشانەی ( ەکە ) بێت ، لەوە دەچێ نیشانەی ناسراوی لە کوردی ژووردا نەبێت هەر بەو چەشنە لە زمانە ئێرانییە نوێکاندا نیشانەی ناسراوی بەدی ناکرێت ، هەندێجار ناو بەبێ نیشانەی ناسراو دەبێتە ناسراو ، وەك ناوی تایبەتی (ناوی کەس ـ بەناز ، گەشبین ، ئاکام ، رزگار ، ...هتد ـ ) یان ناوی وڵات ـ عێراق ، تورکیا ـ ...هتد ) ومیان ( ناوی هەرێم ـ کوردستان ، کەتەلۆنیا ، ..هتد ) هەروەها ئەگەر ناوێك بە هۆی ئاوەڵناوی نیشانەوە دەستنیشان بکرێت ئەوە ئەو ناوە دەبێتە ناسراو ، وەك ( ئەم کوڕە زیرەکە ، ئەم گوڵە جوانە) ئەگەر بەدوای ناوێکی ناسراو ئاوەڵناو هات ، ئەوە نیشانەی ناسراوی دەچێتە سەر ئاوەڵناوەکە ، بۆ نموونە:( بەرد + ەکە + گەورە = بەردە گەورەکە )ئینجا ئەگەر چەند ئاوەڵناوێك بەدوای ناوە ناسراوەکە هات ، ئەوە نیشانەی ناسراوی دەچێتە سەر کۆتا ئاوەڵناوەکە وەك : کچ + ەکە + زیرەك + ژیر + ئێسك سووك = کچە زیرەکە ژیرە ئێسك سووکەکە .

سەبارەت بە ناوی نەناسراو ئەویش وەکو ناوی ناسراو نیشانەی تایبەت بە خۆیەوە هەیە و لەگەڵ ئەلەمۆرفەکانی ناوی تاکی نەناسراو دروست دەکەن ﴿ێك ، یەك ، ەك ، ێ ﴾ ( ێك ) نیشانەیەکی چالاکی نەناسراویە ، بۆنموونە: ـ ( وڵات + ێك = وڵاتێك ) ، (پادشا + ی + ێك = پادشایێك / پادشایەك ) ، ( دەریا + ێك = دەریایەك) ، ( کیژ + ەك + = کیژەك ) ، ( دیوار + ێ = دیوارێ ) تایبەتێتێ نیشانەی نەناسراوی لە زمانی کوردی لەوەدایە کە جگە لە نەناسراوی هەروەها تاکایەتی پش نیشان دەدا . نیشانەی نەناسراوی نیشانەی کۆ وەردەگرێ ، بەڵام نیشانەی کۆ دەکەوێتە پێش نیشانەی نەناسراوی ، بۆ نموونە : ـ

کەس + ان + ێك = کەسانێك ـ کەسانێك هەن بەدوای ئازادی دەگەڕێن . ـ

ڕۆژ + ان + ێك = ڕۆژانێك ـ ڕۆژانێك خەڵك لە ئەشکەوت دەژیان . ـ

کاتێك ناو و ئاوەڵناو پێکەوە دەگوترێن ، نیشانەی نەناسراوی بە زۆری بە ناوەکەوە دەلکێ، نەك بە ئاوەڵناوەکە ، وەك : ـ

کارزان لەسەر دیوارێکی بەرز دانیشتبوو . کەچی نیشانەی ناسراوی بە پێچەوانەوە پتر بە ئاوەڵناوەکەوە دەلکێ ، وەك : ـ

کارزان لەسەر دیوارە بەرزەکە دانیشتبوو . نیشانەی ناسراوی و نەناسراوی هەرگیز بە یەکەوە نایێن .

ژمارە

لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا حالەتی تاك و کۆ هەیە ، ناوی تاك بەو ناوانە دەوترێ کە بۆ تاکە کەسێك یان بۆ تاکە شتێك بەکاردێت ، وەك : ـ ﴿ کوڕ ، ژن ، چرا ، ... هتد ﴾ . هەرچی ناوی کۆیە بەو ناوانە دەوترێ کە بۆ کۆمەڵە کەسێك یاخود کۆمەڵە شتێك کە لە دوو شت یان دووکەس زیاتر بێ . دیارە هەر زمانێك بە هۆی نیشانەی تایبەتییەوە ناوی تاك دەکاتە ناوی کۆ . لە زمانی کوردی ناوەڕاست نیشانەی کۆ ( ان ) ە ، وەك : ـ کوڕ + ان = کوڕان / مامۆستا + ان = مامۆستایان

زۆرجار نیشانەی تر لە زمانەکەدا بۆ کۆکردنەوە بەکار دێت ، بەڵام ناتوانرێ لەگەڵ هەموو وشەیەکدا بەکاربهێنرێ ، واتە بەکارهێنانی لەگەڵ چەند وشەیەکدایە ، وەك

میوە + جات = میوەجات                                   خەیاڵ + ات = خەیاڵات

سەوزە + ات = سەوزەوات                                   کوڕ + گەل = کوڕگەل      / ساڵ + ەها = ساڵەها

هەر بۆیە ئەم نیشانانە بە نیشانەی ناسەرەکی ناودەبرێت ، نیشانەی ( ان ) ی کۆ لە هەمووان سەرەکیتر و چالاکتر و ڕەسەندترە . نیشانەی کۆ لە کوردی ژووروودا لە دۆخی دانە پاڵ بریتییە لە ﴿ ێت ، ێد ، ێن ﴾ ، وەك :ـ

چاڤێت خۆ ب کلێ ڕەش نەکە / شاخێن کوردستانێ هەمی سەرکەشن / دارێن چیایان هاتنە سۆتان

ئەوەی لە خوێندنی ( ان ) ی کۆ لەگەڵ ( ەکە ) ی ناسراوی و ( ێك ) ی نەناسراوی دا جێگەی سەرنجراکێشان بێ ئەوەیە کاتێك نیشانەی ( ان) ی کۆ لەگەڵ نیشانەی ( ەکە ) ی ناسراوی دێت ، ئەوە نیشانەی ( ان ) دەکەوێتە دوای نیشانەی ( ەکە ) ی ناسراوی ، وەك :ـ

ژن + ەکە + ان = ژنەکان / پیاو + ەکە = ان = پیاوەکان ، بەڵام کاتێك نیشانەی ( ان )ی کۆ لەگەڵ نیشانەی (ێك) نەناسراوی دێت ، ئەوەنیشانەی ( ان ) دەکەوێتە پێش نیشانەی ( ێك )ی نەناسراوی ، وەك :ـ

لاو + ان + ێك = لاوانێك

ڕۆژ + ان + ێك = ڕۆژانێك

## جێناو ـ الضمائر ـ Pronouns

جێناو لە زمانان دا بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن ، بەشێوەیەکی گشتی جێناوەکان لە زمانەکاندا فۆرمی سەربەخۆ و تایبەتن و جۆرەکانی دەستنیشانکراوە ، وەك ﴿ جێناوی کەسی ، جێناوی نیشانە ، جێناوی خۆیی ، ...هتد ﴾ ژمارە و بونیان لە زمانەکاندا وەکو یە ك نین ، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا جێناوی لکاو نییە .

جێناو ئەو وشەیە ، کە واتای کەس و شت و چەندێتی دەگەیەنێت لەسەر بناغەی هەر پەیوەندیەك بێت ، یاخود ئەو وشەیە کە لە جیاتی ناوێك یان فرەیزێکی ناوی بەکار دێت ،

لە زمانی کوردیدا جگە لە زاراوەی جێناو هەندێجار زاراوەکانی ﴿ ڕاناو ، جێناڤ ، ڕاناڤ ، ... هتد ﴾ بەکاردێت کە هەر هەموویان هەمان مەبەست و واتا دەگەیەنن . دەتوانین لە چەند ڕوانگەوە لە جێناو بکۆڵینەوە ، وەك : جێناو لە ڕووی واتاوە ، لە ڕووی پێکهاتەوە ، لە ڕووی ئەرکەوە .

لە ڕووی واتاوە دەبن بە ﴿ جێناوی کەسی ـ ئەویش دوو جۆرن :ـ جێناوی کەسی سەربەخۆ و لکاو ، جێناوی نیشانە ، جێناوی خۆیی ، ...هتد ﴾ ، جێناوی کەسی سەربەخۆلە کوردی ناوەڕاست بریتین لە ﴿ من ، تۆ ، ئەو ، ئێمە ، ئێوە ، ئەوان ) بەڵام لە کوردی ژووروودا دوو کۆمەڵەن ، کۆمەڵەی یەکەم بریتییە لە ( ئەز ، تو ، ئەو ، ئەم ، هون ، ئەو (ان) ﴾ هەرچی کۆمەڵەی دووەمە بریتییە ( من ، تە ، وی بۆ نێر وێ بۆ مێ ، مە ، وە ، وان ) هەر کۆمەڵێك بەکارهێنانی تایبەتیان لەگەڵ کار دا هەیە ، جێناوە سەربەخۆکان لە ناو ڕستەدا سەربەخۆن .

جێناوی کەسی لکاو بەو جێناوانە دەوترێ کە لە ڕواڵەتدا سەربەخۆ نیین، بەڵکو بە شێوەی لکاو بە کارێك یان ناوێك دەلکێن ، ئەم جێناوانە لە ئاخاوتن و نووسیندا شوێن و جێگەی جێناوە کەسییە سەربەخۆکان دەگرنەوە و بە تەنیا هیچ مەبەستێك نە لە ئاخاوتن و نە لە نووسیندا بە دەستەوە نادەن ، بەڵام کە لکان بە وشەکانی پێش خۆیانەوە ئینجا مەبەست دەپێکن .

سەبارەت بە جێناوی کەسی لکاو لە کوردی ناوەڕاستدا ، ئەوە بەسەر چەند کۆمەڵەیەك دابەشکراون ، وەکو لەخشتەی خوارەوەدا دەردەکەوێت .

| ژمارە | ج سەربەخۆ | ج لكاو ك يەكەم | ج لكاو ك دووەم | ج لكاو ك سێيەم | ج لكاو ك چوارەم |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ تاك | من | م | م | م | - |
| ٢ تاك | تۆ | ت | يت | يت | ە |
| ٣ تاك | ئەو | ی | O | ات /ێت | - |
| ١ كۆ | ئێمە | مان | ین | ین | - |
| ٢ كۆ | ئێوە | تان | ن | ن | ن |
| ٣ كۆ | ئەوان | یان | ن | ن | - |

لە وەرگرتنی جێناوی لكاوی هەر كۆمەڵەيەك شێوازی تايبەت بە خۆيانەوە هەيە ، بە واتايەكی تر جێناوە لكاوەكان بە پێی كار﴿رابردوو ـ تێنەپەڕ / تێپەڕ ـ رانەبردوو ـ تێنەپەر/ تێپەڕ ـ داخوازی ﴾ دەردەكەون .

هەرچی لە كوردی ژووروە ، ئەوە يەك كۆمەڵە جێناوی لكاو هەيە ، لەگەڵ كۆمەڵەی يەكەمی جێناوە سەربەخۆكان دەردەكەون ، بەمشێوەيە : ـ

| ژمارە | ج سەربەخۆ | ج لكاو | نموونە |
|---|---|---|---|
| ١ تاك | ئەز | م | ئەز دكەم |
| ٢ تاك | تو | ی | تو دكەی |
| ٣ تاك | ئەو | ت / ەت | ئەو دكەت |
| ١ كۆ | ئەم | ین | ئەم دكەین |
| ٢ كۆ | هون | ن | هون دكەن |
| ٣ كۆ | ئەو (ان) | ن | ئەو (ان) دكەن |

بە شێوەيەكی گشتی جێناوەكان لە زمانی كوردی دا لە ڕستەدا ئەرك دەبينن ، وەك ﴿ بكەر ، بەركار ، ... هتد﴾

من گوڵەكەم چاند. خانووەكەی ئێوە خۆشە . ئەو منی بينی . ، ..... هتد .

بكەر ديارخەر بەركار

گۆڤارەكەم كڕی . بينيمـــی

بكەرە بەركارە بكەرە

ئێوە ئێمەتان دامەزراند / داتانمەزراندين

بكەرە بەركارە

ئازادی ئەز ديتم ئازادی هون ديتن

## ئاوەڵناو ـ الصفە ـ Adjective

وەكو بەشە ئاخاوتنێك واتای چۆنيەتی و خاسيەت و نيشانە ڕادەگەيەنێت ، لە پۆلێكردنی ڕێزمانيانەی وشەكاندا بەكاردێ بۆ ئاماژەدان بەو دانانەی كە سيفەتی تايبەتی ناو دياری دەكەن . ئاوەڵناو لەگەڵ ناودا جياوازی لەوەدايە : ـ

بەر هەر شت ئاوەڵناو بە بەردەوامی وەك (ديارخەر ) بەكار دەهێنرێت بۆ نموونە : ـ پياوە مەزنەكە

ئاوەڵناو وەك ئەندامانی تری ڕستە كەم بەكاردەهێنرێت ، بۆيە دەبينين بواری ئەركی ئاوەڵناو لە هی ناو تەسكترە .

کاتێك ئەگەر دوو ئاوەڵناو یان زیاتر بەیەکەوە بێن ، ئەوە یەکێکیان لە ژێر باڵی ئەویتریاندا نییە ، بەڵکو هەردووکیان سەر بە ناوەکەن ، بۆنموونە :ـ منداڵێکی چالاك و ژیر و زیرەك و ... هات .

کاتێك ئاوەڵناو دەتوانێ لە ڕستەدا ئەرك ببینێت ، بەلاّم ناتوانێت هەموو ئەرکێك ببینێت ، چونکە ئەرکەکانی دیاریکراوە ، وەك :ـ

ـ ئاوەڵناو دەبێتە دیارخەری ناو ، بۆ نموونە کوڕێکی زیرەك هات .

ـ دەبێتە تەواوکەر و دیارخەری جێناو بۆ نموونە ئێوەی تێکۆشەر سەردەکەون .

ـ دەبێتە دیارخەر و تەواوکەری کاری ناتەواو بۆ نموونە رزگار زیرەکـە .

ـ دەبێتە دیارخەری ئاوەڵناوی تر بۆ نموونە کچێکی بالاّ بەرزی چاوشین هات .

ئاوەڵناو لە بواری وشەسازییدا لە ڕووی فۆڕمەوە هەژارە ، بۆ نموونە (ناو ) ﴿ ڕەگەز و ژمارە و دۆخی هەیە ﴾ بەلاّم ئاوەڵناو سێ پلەی هەیە ﴿ پلەی چەسپاو ، پلەی بەراورد ، پلەی بالاّ ﴾ ، کەچی لە ناودا نییە .

ئاوەڵناو لە ڕووی پلەوە تا رادەیەك لە زۆربەی زمانەکاندا وەکو یەکن ، واتە سێ پلەن .

پلەکانی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا بریتین لە :ـ

١- ئاوەڵناوی پلەی چەسپاو : ئەوە ئاوەڵناوێکی رووتە و هیچ نیشانەیەکی مۆرفۆلۆجی و فەرهەنگی لەگەڵدا نییە ، بناغەیە بۆ دروستکردنی پلەکانی تر ، وەك : چاك ، ترش ، ڕەش ، ... هتد .

٢- ئاوەڵناوی پلەی بەراورد ، بە دوو ڕێگا دروست دەبێت :

أ ـ ڕێگای مۆرفۆلۆجی ، کە بە یارمەتی مۆرفیمی ( تر ) دروست دەبێ .

جوان + تر = جوانتر / قەڵەو + تر = قەڵەوتر

ب ـ ڕێگای لێکسیکی ، کە بە یارمەتی وشەی ( کەمتر، زیاتر ) دروست دەبێ .

کەمتر ئازایە / زیاتر زیرەکە

٣- ئاوەڵناوی پلەی بالاّ ، ئەویش بە دوو ڕێگا دروست دەبێت :ـ

أ ـ ڕێگای مۆرفۆلۆجی ، کە بە یارمەتی مۆرفیمی ( ترین ) دروست دەبێ ، دەچێتە سەرئاوەڵناوی پلەی چەسپاو :ـ

جوان + ترین = جوانترین / پاك + ترین = پاکترین

ب ـ ڕێگای لێکسیکی ، ئەمەشیان بە دوو ڕێگا دروست دەبێت

١- بە یارمەتی وشەی ﴿ هەرە ﴾ دەچێتە سەر پلەی چەسپاو

هەرە + باش / هەرە + خۆش

٢- بەهۆی فرەیزی ﴿ لەهەمووان ، لەگشتیان ﴾ دروست دەبێت ، کە دەچێتە سەر ئاوەڵناوی پلەی بەراورد

لە هەمووان زیرەکتر / لە گشتیان بەهێزتر

ئاوەڵناو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبن بە دیارخەری ناو و بە گشتی شوێنێکی جێگیریان هەیە ، لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناو پاش ناو یان جێناو دێت و دەبێتە دیارخەر ، بۆ نموونە قوتابییە زیرەکە هات .

لە زمانی فەرەنسی دا بە هەمان شێوەیە ، le vieil home

پیاو پیر ەکە

لە هەندێك زماندا ئاوەڵناوەكە پێش ناوەكە دەكەوێ ، وەك لە زمانی ( ئینگلیزی ، توركی ، ... .

زمانی ئینگلیزی **The beautiful garden**

باخچە جوان ەكە

زمانی توركی **Guzel kiz**

كچی جوان

**ئاوەڵكار ( هاوەڵكار) (ئاوەڵكردار) ــ ظرف ـ Adverb**

ئاوەڵكار ئەو بەشە ئاخاوتنەیە كە پەیوەندی ڕاستەوخۆ بەكارەوە هەیە ، بە گشتی ئەو پێناسانەی كە بۆ ئاوەڵكار كراون ، ڕوون و ئاشكرا نین ، چونكە ئاوەڵكار لە چەند شێوەیەكدا دەردەكەوێت ، لە هەموو پێناسەكانیشدا ئاوەڵكار ئەو كەرەستانەن كە وەسفی كار دەكەن و ﴿ كات و شوێن و چۆنیەتی و پێوانە....هتد ﴾ كار دەستنیشان دەكەن .

پۆلێنكردنی ئاوەڵكار لە زۆربەی زمانەكاندا زیاتر جۆرەكانی ( كات و شوێن و چۆنیەتی ) دەركەوتوترن ، لە زمانی كوردیدا جگە لەمانە چەند جۆرێكی تر وەك ، ( ئاوەڵكاری چەندێتی ، نەرێنی ، جەختكردن ... ) هەیە .

ئاوەڵكار لە ڕووی رۆنانەوە بۆ ﴿سادە (ـ هێمن ، باش ، خراپ) و دارێژراو ( ـ ژیرانە ، بەپەلە ، بەناز ) و لێكدراو(پۆل پۆل ،پڕبەدڵ ) و ئاوەڵكاری فرەیزی (لەسەر بانەكەدا ، بەئاسمانەوە ، لەسەرەتاوە ) دابەشكراوە.

ئاوەڵكار لە ڕووی واتاوە بۆ ئاوەڵكاری چۆنیەتی ( خێرا ، جوان ، هێدی ) و چەندێتی ( زۆر ، كەم ، گەلێ ) وكاتی ( دوێنێ ، شەوێ ، سالێكی تر ) و شوێن ( سەر ، ژێر ، ڕاست ) پۆلێن كراون .

هەندێ وشە هەن بەپێی بەكارهێنانی لە ڕستەدا ، دەتوانین جۆری وشەكە دەستنیشان بكەین ( ناو / ئاوەڵناو / ئاوەڵكار ) بۆ نموونە :ـ

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەناز | خوشكە بەنازەكەی | بەناز | پەروەردە دەكات . |
| ناو | ئاوەڵناو | ئاوەڵكار | |
| هێمن | بە هێمنی | هێمنی | هێمن كرد |
| ناو | ئاوەڵكار | ناو | بەشێكە لە كار |
| جوان | جلێكی جوانی | بەجوانی | لەبەر كرد |
| ناو | ئاوەڵناو | ئاوەڵكار | |

ئاوەڵكار لە ڕستەدا دەتوانێ ئەرك ببینێ ، بەڵام ئەركەكانی دیاریكراوە ، بە شێوەیەكی گشتی ئاوەڵكار ئەركی تەواوكەرە جا تەواوكەری كار ( رابردوو ، رانەبردوو ، فەرماندان ) ، وەك :ـ

| | | |
|---|---|---|
| رزگار | خێرا | ڕۆیشت . |
| | ئاوەڵكاری چۆنیەتی | كاری رابردوو |
| رزگار | خێرا | دەڕوات . |
| | ئاوەڵكاری چۆنیەتی | كاری رانەبردوو |
| رزگار | خێرا | برۆ . |
| | ئاوەڵكاری چۆنیەتی | كاری فەرماندان |

هەروەها دەبێتە تەواوکەری ئاوەڵکارێکی تر یان چەند ئاوەڵکارێکی تر ، بەیەکەوە فرەیزی ئاوەڵکاری ساز دەکەن ، وەك :ـ

بەفرین زۆر خێرا ڕۆیشت .

ئاوەڵکاری چەندێتی ئاوەڵکاری چۆنیەتی

فرەیزی ئاوەڵکاری

هاوکار بەیانی زوو زۆر خێرا بڕۆ بۆ زانکۆ .

ئاوەڵکاری کاتی ئاوەڵکاری کاتی ئاوەڵکاری چەندێتی ئاوەڵکاری چۆنیەتی

فرەیزی ئاوەڵکاری فرەیزی ئاوەڵکاری

هەروەهاش ئاوەڵکار دەبێتە نیهاد ، ئەگەر هاتوو کاری ( رابردوو ، رانەبردوو ، فەرماندان ) لە نێو ڕستەکەدا نەبوو . واتە کاری ناتەواولە ڕستەکەدا هەبێت . وەك :ـ

دوێنێ هەینی بوو .

ئاوەڵکاری کاتی کاری ناتەواوە بۆ کاتی رابردوو

ئەمرۆ شەممەیە

نیهادە کاری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا

بەکارهێنانی ئاوەڵکار وەك ( بەرکار ) هەمیشە ڕاستەوخۆ دەبێت ، هەرچەندە گەر ئاوەڵکارەکان ئامرازی پەیوەندیش وەربگرن هەر بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەبن ، ئاشکرایە ، کە ئامرازی پەیوەندی بەرکار دەکاتە ناڕاستەوخۆ ، بەلاَم لەگەڵ ئاوەڵکار ئەم ڕۆڵە نابینێ ، چونکە ئامرازەکە دەبێتە بەشێك لە ئاوەڵکارەکە ، وەك ﴿ بەشەو ، لە دوور ، لە ژێرەوە ، .... ) بۆیە هەر کاتێ ڕستە ،کە لە ( بکەر ، بەرکار ، کار ) پێك هات ، ئەگەر بەرکارەکە ئاوەڵکار بوو ، ئەوە ڕۆڵی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ نامینێ . لە هەموو بارێکدا دەڵێین تەواوکەری بەئاوەڵکارە .

## کار (فرمان /کردار ) ـ فعل ـ Verb

کار بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا پێکهێنەری خۆی هەیە ، لە ئاستی سینتاکسدا ئەرکی گەیاندنی واتای ڕوودان بەدەستیەوەیە ، لە زۆربەی زماناندا کار بە پێکهێنی ڕاستەوخۆی ڕستە هەژمار دەکرێت . مەبەست لەکار زیاتر ڕەگی کارە ، کە بە مۆرفیمی تەوەرەیی واتا هەڵگری کار ناسراوە ، واتای کارەکە لە خۆ دەگرێت.

سەبارەت بە دیاریکردنی شوێنی کار لە ڕستەدا ، ئەوە بەپێی زمانان شوێنی دەگۆڕێت ، واتە شوێنی جێگیر نییە لە زمانی کوردیدا کار دەکەوێتە کۆتایی ڕستە ، بۆنموونە

ـ کۆترەکە فڕی . ـ ئاسۆ خانووەکەی کڕی .

هەرچی لە زمانی ئینگلیزیدا لە ناوەڕاستی ڕستەدا واتە دەکەوێتە دوای بکەر ، بۆنموونە

You are speaking English.

بەلاَم لە زمانی عەرەبیدا دەکەوێتە سەرەتای ڕستەوە ، بۆ نموونە

ـ أكل الصبي الخبز .

هیچ ڕستەیەك بەبێ کار دروست نابێت ، جا کارەکە تەواو بێت یان ناتەواو.

ـ ئێوە دوژمنتان بەزاند . ـ گوارەکەی نەسرین زێڕە

کار ژمارەی ڕستە دیاری دەکات ، واتە لە ڕستەدا چەند کار هەبێ ، ئەوەندە ڕستە هەیە . بۆ نموونە

ــ جوتیارەکە زەوییەکەی کێلا . یەك ڕستەیە

ــ کتێبەکەم بۆ برد ، بەڵام نەیخوێندەوە . دوو ڕستەیە

ــ ڕاپەڕینمان دەستپێکرد ئینجا کۆچڕەومان کرد پاشان پەرلەمان وحکومەتی هەرێممان دروستکرد . سێ ڕستەیە

کار بە چەندین شێواز پۆلێنکراوە ، وەك کار لە ڕووی کاتەوە ﴿ ڕابردوو ، ڕانەبردوو ﴾ ولە ڕووی ڕۆنانەوە بۆ ﴿ سادە ، دارێژراو ، لێکدراو ﴾ و لەڕووی هێزەوە بۆ ﴿ تێنەپەر ، تێپەر ﴾ و لە ڕووی تەواوییەوە بۆ ﴿ تەواو ، ناتەواو ﴾...هتد .

تێبینی / سەبارەت بە ( کار ) ی سادە ، ئەوەی دەیبینین ئەوەیەکە ، کە کار لە ئاستی مۆفۆلۆجییدا ناسادەیە ، چونکە لە یەك مۆفیم زیاتر بەشداری پێکهێنانی دەکات .

کاری تێنەپەری ڕابردوو بەلایەنی کەمەوە لە ساناترین حاڵەتی پێکهێنانیدا بەمشێوەیەیە : ـ

﴿کەوت﴾

ریزبوونی ←

کەو + ت + O دەبێتە بناغەی جۆرەکانی

ڕەگ مۆفیمی کات جێناوی لکاو ( بکەر) کاری ڕابردوو

→

ریزبوونی واتا

هەرچی کاری تێپەری ڕابردووە لە ساناترین حاڵەتیدا بەمجۆرەیە:

﴿ گرت ﴾

ریزبوونی ←

گر + ت + O + O

ڕەگ مۆفیمی کات جێناوی لکاو بەرکار جێناوی لکاو

→

ئەو مۆرفیمە ڕێزمانییانەی دەچنە سەر کاری ڕابردووی تێنەپەر ، ئەوە ریزبوونیان بە لای ڕاستدا هەنگاو دەنێت ،وەکو: ـ

﴿ بەردەوامی ، نەرێ ، پێشگر ( مۆرفیمی وشە دارێژ)

| حاڵەتەکان | ریزبوون |
| --- | --- |
| | کەو + ت + O |
| دە + | |
| نە + دە + | |
| هەڵ + نە + دە + | |
| | هەڵ نەدەکەوت |

هەرچی کاری رابردووی تێپەرە ، ئەوە ریزبوونەکە بەلای چەپدا ریز دەبن .

| حاڵەتەکان | ریزبوون |
|---|---|
| | گر + ت + م + ی |
| م \| ی<br>دە + | |
| م ی<br>نە + دە + | |
| م \| ی<br>هەڵ + نە + دە + | |

هەڵمی نەدەگرت

کاری رابردووی تێنەپەری (ئەری)

ڕەگ + مۆرفیمی (کات) + جێناوی لکاو = کاری رابردووی تێنەپەری رووت(نزیك)ئەرێ

کەو + ت + م = کەوتم

کاری رابردووی تێنەپەری (نەرێ)

نە ( مۆرفیمی نەرێ) + ڕەگ + مۆرفیمی (کات) + جێناوی لکاو = کاری رابردووی تێنەپەری رووت(نزیك) نەرێ

نە + کەو + ت + ن = نەکەوتن

کاری دارێژراوی رابردووی تێنەپەری (ئەرێ)

پێشگر + ڕەگ + مۆرفیمی (کات) + جێناوی لکاو = کاری دارێژراوی رابردووی تێنەپەری ئەرێ

هەڵ + فڕ + ی + ن = هەڵفرین

کاری دارێژراوی رابردووی تێنەپەری (نەرێ)

پێشگر + نە ( مۆرفیمی نەرێ) + ڕەگ + مۆرفیمی (کات) + جێناوی لکاو = کاری دارێژراوی رابردووی تێنەپەری نەرێ

هەڵ + نە + فڕ + ی + ن = هەڵنەفڕین

کاری رابردووی تێپەری (ئەرێ)

ڕەگ + مۆرفیمی (کات ) + جێناوی لکاو (بەرکار) + جێناو لکاو (بکەر ) = کاری رابردووی تێپەری رووت(نزیك)ئەرێ

گر + ت + م + ی = گرتمی

کاری رابردووی تێپەری (نەرێ)

مۆرفیمی (نەرێ) +جێناو لکاو (بکەر ) + ڕەگ + مۆرفیمی (کات ) + جێناوی لکاو (بەرکار) = کاری رابردووی تێپەری رووت(نزیك)ئەرێ

نە + ی + گر + ت + م = نەی گرتم

کاری دارێژراوی رابردووی بەردەوامی تێپەری (ئەرێ)

پێشگر + جێناوی لکاو (بکەر) + مۆرفیمی (دە) + ڕەگ + مۆرفیمی (کات) + جێناوی لکاو (بەرکار) = رابردووی بەردەوام

هەڵ + ت + دە + گر + ت + ن = هەڵت دەگرتن


**ڕستە**

یەکێك لەو یەکە سەرەکیانەی ، کە ڕێزمان خۆی پێوە خەریك دەکات و گرنگی پێ دەدات ڕستەیە ، چونکە کاری ڕێزمانە کە دەڵێ : پێکهێنەکانی ڕستە چین و چۆن کارلەیەکتر دەکەن و بەچ شێوەیەك ڕیز دەبن؟

پرسیار / بۆچی ڕێزمان خۆی خەریك دەکات بە ڕستە و گرنگی پێدەدات ؟ وەڵام / چونکە ڕێزمانە کە دەڵێ پێکهێنەکانی ڕستە چین و چۆن کارلەیەکتر دەکەن و بەچ شێوەیەك ڕیز دەبن.

کەواتە ڕستە بلاوترین یەکەی زمانە ، کە زۆربەی زمانەوانەکان دانی پێدادەنێن و دەیناسنەوە و باوەڕیان وایە ، کە دەتوانێ چارەسەری ڕێزمان و پۆلەڕێزمانییەکان بکات .جا ئەو ئاستەی کە لە ڕستە دەکۆڵێتەوە ڕستەسازییە، کە ئاستێکی هەرە گرنگی زمانە ، بەرپرسە لە ڕێکخستنی کەرستەکان بە شێوەیەکی ڕێزمانی لە چوارچێوەی ڕستەدا ، لەم ئاستەدا دەشێ پێکهاتەی فریزەکان بکۆڵدرێتەوە و تایبەتمەندییەکانیان دیاری بکرێت و ئەو ئەرکانە دەستنیشان بکرێن ، کە هەر فریزێك لە چوارچێوەی ڕستەدا وەریاندەگرێت .

زمانەوانەکان لە نوێ و کۆندا لە دابەشکردنی ڕستەدا ڕاوبۆچوونی جیاوازییانهەیە ، ئەویش بەهۆی جیاوازی ڕاڤەکردنیان بۆ ڕستە ، بەلام زۆربەی زمانەوانە نوێکان لەگەڵ لەگەڵ ئەو بۆچوونەدان کە دەڵێن : ڕستە بریتییە لە دوو بەش ئەویش فریزی ناوی (گرێی ناوی) و فریزی کاری ( گرێی کاری) .




**فریز ـــ عبارە ـــ Phrase**

بەو یەکە سینتاکییە دەوترێت ، کە لە کەرستەیەك یان لە کەرستەیەکی سەرەکی و هەموو ئەو کەرستانەی کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەندن پێوەی ، یان لە ژێر دەسەلاتیانن پێك دێ و لە ڕستەدا ئەرکێك دەبینێ .

هەر دانەیەکی ڕێزمانی بتوانێ ڕۆلی بەشێکی بنجی ڕستە بگێرێ ( فریز ) پێك دەهێنێ ، فریز لە وشەیەك یان زیاتر لە وشەیەك پێك دێت . بۆ نموونە :ـ

<u>کارزان</u> قەڵەمەکەی شکاند .
ف.ن

<u>کۆتری سپی</u> نیشانەی ئاشتییە .
ف.ن

<u>دوو قوتابی</u> هاتن
ف.ن

پێویستە ئاماژە بەوە بكرێ لە شیكردنەوەی ڕستەدا وشە پێكهێنی ڕاستەوخۆی ڕستە نییە ، بەڵكو دوا پێكهێنە .
بەم پێیە فرێز پێكهێنێكی ناوەندییە ، دەكەوێتە نێوان وشە و ڕستە .

ڕستە ( پێكهاتە)
↓
فرێز ( پێكهێنی ناوەندی)
↓
وشە ( دوا پێكهێن )

**تایبەتمەندییەكانی فرێز**

تایبەتمەندییەكانی فرێز لە چەند خاڵێكدا دەستنیشانكراوە : ـ

١ـ فرێز لە ڕووی ڕۆنانەوە لە ڕستە بچووكترە ، بەوەی كە شوێنی ڕۆنانێكی نزمتر لە ڕستەدا دەگرێت و لە وشەش گەورەترە .

٢ـ دەبێ لە فرێزدا پەیوەندی هەبێت لە نێوان سەرە و دیارخەردا ، واتە فرێزە بەلایەنی كەمەوە دەبێت سەرەیەكی تێدابێت .

٣ـ سەرە كرۆكی فرێزە ، تەنانەت جۆری فرێزەكە دیاری دەكات و جیای دەكاتەوە لە جۆرەكانی تر .

٤ـ لە فرێزدا دەتوانرێت كەرەستە لاوەكییەكان لابدرێت بەبێ ئەوەی كار لە ڕۆنان یان لە واتای فرێزەكە بكات ، بەڵام سەرەی فرێز لا نادرێت ، واتە ( كەرەستەیەكی بە خورتی یە ) ،

٥ـ فرێز دەتوانرێت بە هۆی كەرەستەی ترەوە تا بێ كۆتا فراوان بكرێت یان كورت بكرێتەوە بۆ تاكە وشەیەك .

قوتابییەكە هات .

قوتابییە زیرەكەكە هات .

قوتابییە ژیرە هەژارە زیرەكەكە هات

هات

٦ـ فرێز لە ڕستەدا ئەرك دەبینێ ، جا ئەم ئەركە سەرەكی بێت یان نا سەرەكی .

هاوكار هات .

بكەرە

من هاوكار دەناسم .

بەركارە

من پارە بۆ هاوكار دەنێرم

تەواوكەرە

جۆرەكانی فرێز بە هۆی سەرە دەستنیشان دەكرێن ، وەك : ـ

★ فرێزی ناوی

★ فرێزی كاری

★ فرێزی ئاوەڵناوی

★ فرێزی بەند

## فرێزی ناوی ــ عباره الاسمیه ــ Noun Prase

سادەترین فرێزی ناوی لە ناوێك یان جێناوێك پێك دێت ،كە بەشە سەرەكیەكەی ڕستەیە ، ئەم ناوە یان جیچناوە دەبێتە سەرەی فرێزەكە ، واتە فریچزی ناوی پێك دەهێنێت . هەروەها دەتوانرێت سەرەی فرێزەكەش بە چەند كەرەستەیەكی لاوەكی فراوان بكرێت .

لە ڕۆنانی فرێزی ناویدا دیارخەرەكان دەتوانن بە سێ شێوە دەركەون و سادەترین فرێزی ناوی فراوان بكەن : ـ

★ دیارخەرەكانی پێش سەرە .

★ دیارخەرەكانی پاش سەرە .

★ دیارخەرەكانی پێش و پاش سەرە ( لای ڕاست وچەپ)ی سەرە

فرێزی ناوی .. دیارخەرەكانی پێش سەرە... ناو ......... دیارخەرەكانی پاش سەرە.......

+

دیارخەرەكانی پێش سەرە دیارخەرەكانی پاش سەرە

**★ دیارخەرەكانی پێش سەرە .**

كۆمەڵێك كەرەستە هەن ، دەكەونە پێش سەرەی فرێزی ناوی بە بێ یاریدەی هیچ مۆرفیمێك یان وشەیەكی زیادە لێكدەدرێن ئەركی دیارخەردەبینن ، واتە دەبێتە دیارخەری پێشەوە بۆ سەرەی فرێزی ناوی .

دیارخەرەكانی پێش سەرە ئەمانەن : ـ

★ وشەی (هەر)

ــ هەر كەس نانی ناوچەوانی خۆی دەخوات .

ــ هەر سێوێك بهێنە .

★ جێناوی نیشانە

ــ ئەم هەویر ە ئاوی زۆری دەوێ .

ــ ئەم پیاو ە كرێكارە .

★ ژمارە

ــ سێ منداڵ هاتن .

ــ چوارەم خانوو ماڵی ئێمەیە .

★ ڕادە

ــ هەندێ دار سووتا .

ــ كەمێك شیر ڕژا .

⋆ ئامرازی پرس ( کام ، چەند ، چ / چی)

ــ کام ئازاد خزمتانە .

⋆ جێناوی نەفی

ــ هیچ کەس ناناسم .

⋆ ئاوەڵناوی پلەی باڵا

ــ باشترین هاورێ هەڵبژێرە .

ــ درێژترین دار ببڕە .

⋆ بریناو ( بدل)

ــ دکتۆر وریا خەڵاتەکەی پێشکەش کرد .

ــ کوێخا حەسەن هات.

مەرج نییە هەموو ئەو کەرستانە لە فرێزێکی ناوییدا بە سەریەکەوە دەرکەون ، بەڵام دەشێ چوار دیارخەر بە دوای یەکتردا بێن . زیاتر لە چوار دیارخەر ڕستەی نا ڕێزمانی دروست دەکات ، بۆ نموونە

ــ هەر تەنیا ئەو دوو منداڵـە هاتوون .

ــ هەر تەنیا هیچ ئەو دوو منداڵـە هاتوون . *

⋆ دیارخەرەکانی پاش سەرە .

ئەم جۆرە فرێزە بڵاوترین جۆری فرێزی ناوییە لە زمانی کوردیدا ، مەبەست لەو کەرستانەیە ، کە دەتوانن وەك دیارخەری پاش سەرەی فرێزی ناوی ڕاستەوخۆ ( بەبێ هیچ مۆرفیمێکی خستنەسەر ) یان ناڕاستەوخۆ بە یارمەتی مۆرفیمی خستنەسەر دەربکەون ، واتە بە دوو شێواز دیارخەرەکانی پاش سەرە دەردەکەون ، کە بریتین لە دیارخەرەکانی پاش سەرە بە بێ مۆرفیمی خستنەسەر و دیارخەرەکانی پاش سەرە بە هۆی مۆرفیمی خستنەسەر ﴿ ی ، ە ﴾


دیارخەرەکانی پاش سەرە بە بێ مۆرفیمی خستنەسەر کە ڕاستەوخۆ بەسەرەوە دەلکێن ، بریتین :ـ

﴿ مۆرفیمی ناسراوی و نەناسراوی ﴾ و ﴿نیشانەی کۆ ﴾ و ﴿ جێناوی خاوەنیەتی ﴾

ــ ژنەکە سووتا .


ــ کۆترەکە فڕی .

ژنەکە سووتا .




ـــ کوڕ یێك هات .

ـــ هەنار یێك خورا .





ـــ دارەکان مەبڕن .

ـــ قەڵەکان شکان .




ـــ باوکم هات .

ـــ ژنم پێکەنی .



★ **دیارخەرەكانی پاش سەرە بە هۆی مۆرفیمی خستنەسەر**

**ئەم دیارخەرانەش بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ بە یاریدەی مۆرفیمی خستنەسەر ﴿ ی / ە﴾ بەسەرەوەدەلكێن و دەبنە دیارخەری دوای سەرەی فرێزی ناوییەكە ، ئەو كەرەستانەش بریتین لە ﴿ ناو ، ئاوەڵناو ، جێناوی سەربەخۆ ، ژمارە (پلەیی) ، چاوگ ، لەقەب ، ڕستەی شوێنكەوتوو ﴾ .**

**ــ كچـی پیاوەكەم بینی .**

**ناو**

**ــ ئاو ی كانی بڕا.**

**ــ قوتابـی زیرەك خۆشەویستە .**

**ئاوەڵناو**

**ــ كچــە جوانەكەم بینی .**

**ــ دایكـی ئەوان نووستووە .**

**جێناوی سەربەخۆ**

**ــ خانووەكــە ی ئێمە رووخابوو .**

**ــ كچــە یەكەمەكە هات .**

**ژمارە (پلەیی)**

**ــ خانوو ی پێنجەم ماڵی ئێمەیە .**

**ــ هۆلـی خوێندنیان پاكە .**

**چاوگ**

**ــ زەوی ی كێلان خۆشە .**

**ــ عەلی كمیایی لە سێدارەدرا .**

**لەقەب**

**ــ مەجید ی قەساب بۆ ماڵمان هاتووە .**

**ــ ئەو كچە ی ، كەیەكەم بوو ، ناوی چییە .**

**ڕستەی شوێنكەوتوو**

**ــ ئەو كوڕە ی ، كە كتێبەكەی دڕاند ، ڕایكرد .**

دەشێت لە فراوانکردنی فرێزی ناوییدا ، هەندێ لە دیارخەرەکانی پێش سەرە و دیارخەرەکانی پاش سەرە پێکەوە فرێزەکە فراوان بکەن ، واتە ڕۆنانێکی فراوانتر بەرهەم بهێنن ، بۆ نموونە : ـ

ــ تەنیا ئەو دوو کچە جوانەی ، کە دوێنێ بینمانن ، بۆ ئێرە هاتوون .

## ★ فرێزی کاری ــ عبارە الفعلیە ــ Verb Phrase


فرێزی کاری بە پێکهێنەرێکی تری بنچی ڕستە دادەنرێت ، چونکە لە ناو ڕستەدا بە خورتی یە و ناتوانرێت لا ببرێت .

فرێزی کاری لە زمانی کوردیدا لە سادەترین ڕۆناندا لە کارێ پێکدێت کە لە ڕووی ڕۆنانەوە ناسادەیە ، بەمشێوەیە ڕیزکراوە :

فرێزی کاری ( ف . ك ) ــــــــ کار ﴿ ڕەگی کار + کات + جێناوی لکاو (کەس و ژمارە )

خوێن + د + O


نموونە





لە زمانی کوردیدا فرێزی کاری لە ڕۆنانی ژێرەوەدا دەکەوێتە پاش فرێزی ناوی ، بوونی فرێزی کاری پێویستیەکی سەرەکی یە ، چ لە ڕۆنانی سەرەوە یان لە ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەدا ، واتە ڕستە لە زمانی کوردیدا هەرگیز بێ بوونی فرێزی کاری دروست نابێت .

پێشتر ئاماژە بەوە کرا ، کە فرێزی کاری پێکهاتووە لە کارێك کە ڕەگەزی سەرەکی یە بوونی لە ڕۆنانەکەدا بە خورتی یە و ناتوانرێت دەستی لێ هەڵبگیرێت ، یان لە کارێك کە هەموو ئەو وشە مۆرفیم و کەرەستانەی تر لە دەوری کار کۆدەبنەوە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ بەشی کاری ڕستەکە .

زۆرجار فرێزی کاری لە ڕستەدا بە پێی هێزی کارەکە ، ئەگەر تێپەر بێت ئەوا پێویستی بە بەرکارێك دەبێت ، کە لە شێوەی فرێزێکی ناوییدا لەگەڵ کارەکەدا دەردەکەوێت ، وەك :







بەشێك لە ڕستەی كوردی بە هۆی فرێزی بەندەوە ، وەك پێكهێنەرێكی چەسپاو ، تەواو دەكرێت ، واتە لە ڕۆنانی ڕستەكەدا بەشداری دەكات و دەبێتە بەشێكی بنجی لە فرێزی كارییەكەدا ، فرێزی بەندیش لە پرییپۆزیشن و فرێزێكی ناوی پێكهاتووە .

ــ پشیلەكە بە دیوارەكەدا هەڵگەڕا .

ــ شازیار لە باخەكەدا نووست .




پێویستە ئاماژە بەوە بكرێ ، كە فرێزی بەند وەكو كەرەستەیەكی سەرەكی لە دواوە بەشداری فرێزی كاری دەكات ، كاتێك كارەكە كاری ناتەواو بێت ، وەك :ـ

ــ كوڕەكە بوو بە پیاو .

بەڵام كاتێك كاری ناتەواو دەكەوێتە كۆتایی فرێزی كاری ، ئەوە فریزی تر دەكەوێتە پێش كارە ناتەواوەكە ، وەك :ـ

ــ ئازاد مامۆستایە .

ــ گوارەكەی نەسرین زێڕ بوو .

ــ ئەو وێنەیە جوانە .

## فرێزی ئاوەڵناویی ــ عباره الوصفيه ــ Adjective Prase

مەبەست لە فرێزی ئاوەڵناویی ئەو فرێزەیە ، کە ( سەرە ) دەبێ ئاوەڵناو بێت ، واتە بە بێ بوونی ئاوەڵناو فرێزی ئاوەڵناویی دروست نابێت .

ئەمجۆرە فرێزە لە زمانی کوردیدا و رەنگە لە زۆربەی زمانەکانیشدا بە پێچەوانەی فرێزی ناویی لە ڕووی ڕۆنانەوە زۆر سادە بێت ، بە واتای ئەوە کەم فراوان دەکرێت .

سادەترین پێکهاتەی فرێزی ئاوەڵناویی لە ئاوەڵناوێك پێك دێت ، وەك :ـ

ــ خانووەکەتان کۆنـــە .

ــ هەنارەکە ترشـــە .

ئەرکی سەرەکی ئەم فرێزە هەمیشە تەواوکەری کاری ناتەواوە ، وەك لە نموونەکانی سەرەوەدا دیاری کراوە .بەڵام هەندێجاریش دەبێتە تەواوکەری کاری تەواو ، کاتێك لەگەڵ هەندێ کار وەك ﴿ دەچێتەوە ، هەڵگەڕا ﴾ بەکار دێ . بۆ نموونە :

ــ شاخەکە سپی دەچێتەوە .

ــ منداڵەکە لە ترسان زەرد هەڵگەڕا .

پێشتر ئاماژە بەوە کرا کە سادەترین (سەرە) ی فرێزی ئاوەڵناویی بریتییە لە ئاوەڵناوێك ، ئەمجۆرە فرێزە بە فرێزی ئاوەڵناوی سادە ناو دەبرێت ، وەك :ـ

ــ کوڕێکی زیرەك هات .

ــ کوڕەکە ئازایـــە .

دەتوانرێت (سەرە) ی فرێزی ئاوەڵناوی بە چەند کەرەستەیەك فراوانبکرێت ، ئەو جۆرە فرێزەبە فرێزی ئاوەڵناویی فراوان ناو دەبرێت. لەم جۆرە فرێزەشدا کەرەستەکان پێش سەرە یان پاش سەرە وەیان پێش وپاش سەرە دەکەون .

کەرەستەکانی پێش سەرە بریتین لە :ـ

⋆ فرێزی ناوی

ــ دارەکە سێ مەتر بەرزە .

ــ ڕێناس لە شاجوان دوو ساڵ گەورەترە .

⋆ رادە

ــ کوڕێکی زۆر باشم بینی .

ــ دایکم زۆر زۆر چاکە .

⋆ فرێزی بەند

ــ ئەوان لە ئێمە بەهێزترن.

ــ ترێ لە هەنار خۆشترە .

★ ئامرازی ﴿ هەر ، تەنیا ﴾

ـ کچەکە هەر جوانە .

ـ قوتابییەکە تەنیا زیرەکە .

ئامرازی پرس ﴿ چەند /چەنێك ﴾

ـ منداڵەکە چەنێك جوانە .

ـ جوتیارەکە چەند زیرەکە .

هەروەها فرێزی ئاوەڵناویی دەشێ لە دواوە فراوان بکرێت ، وەك :

★ پلەی ئاوەڵناو ﴿ پلەی بەراورد وپلەی باڵا ) ﴿ تر ، ترین ﴾

پلەی بەراورد ﴿ تر ﴾

ـ هاوین لە بەهار گەرمـــترە .

ـ لیمۆ لە هەنار ترشـــــتــــرە.

پلەی باڵا ﴿ ترین ﴾

ـ کەرکوك خۆشـــترین شارە .

ـ هەولێر جوانــــترین شارە .

بێجگە لەوە دەتوانرێت (سەرە) ی فرێزی ئاوەڵناویی لە پێش و پاش ( سەرە) فراوانبکرێت ، وەك :

ـ کچێکی زۆر جوانــی سپی هات .

ـ هەولێر کەمێك گەورەتـــرە لە کەرکوك .

## فرێزی بەند ـ عباره الجر ـ Prepositional Prase

فرێز بەند جۆرێکی ترە لەو فرێزە کەتیگۆرییانەی کە خاوەن تایبەتی خۆیەتی لە هەر زمانێکدا . لە فرێزی بەندا دەبێ ئامرازی بەند بوونی هەبێ ، واتە بەبێ ئامرازی بەند ، فرێزی بەند بەرهەم نایەت .

ئامرازەکانی بەند بەسەر ، ئامرازی بەندی سادە وەکو ﴿ بە ، بۆ ، لە ﴾ و ئامرازی کەرت یاخود نسادە وەکو ﴿ لە... دا ، لە .... وە ، بە ...... دا ﴾ دابەش دەبن .

ئەو ئامرازانە بە یارمەتی هەندێ کەرەستەی تر ، دەشێ فرێزی بەند دروست بکەن .

⋆ ناو

ـ هەڵۆ بە تەور دارەکەی شکاند .

ـ راوێژ بە دار مارەکەی کوشت .

⋆ دوو ناو لەگەڵ جێناوی خۆی

ـ نازدار لە خوشك و براکانی خۆی نزیکە .

⋆ چاوگ

ـ قوتابیان بۆ خوێندن هەوڵ دەدەن .

ـ مریشکەکە بۆ خواردن ئامادەیە .

هەروەها فرێزی بەند بە یارمەتی ئامرازی بەندی کەرت (ناسادە ) وەکو ﴿ لە.... دا ، لە ....وە ، بە ... وە﴾ دروست دەبێت بۆ نموونە :ـ

ـ گورگ و مەڕ بە یەکەوە ئاو دەخۆنەوە .

ـ لە منەوە هەتا ئێوە حەوتین .

ـ منداڵەکان لە باخەکەدا یاری دەکەن .

## ڕێزمان

سیستەمێکە بە هۆیەوە وشە و مۆرفیمەکانی زمانێك بۆ یەکەی گەورەتر ـ بەتایبەتی بۆ ڕستە ـ ڕێکدەخرێن . ڕێزمان تەواوی سیستەمی زمانێکە ، وەسفێکی تایبەتی ئەو جۆرە سیستەمە ، کە لە کۆمەڵە یاسایەکدا بەجەرستە بووە ، بە ڕێزمان ناودەبرێ ۰

ڕێزمان بریتییە لە پرۆسەی وەسفکردنی فرێز و ڕستە ، بە جۆرێك کە بەدواییەکداهاتنە ڕێزمانییەکان لە زمانێکی دیاریکراودا لە بەدواییەکداهاتنە نارێزمانییەکان جیابکرێنەوە ، ڕێزمانی زمانێك لە کۆمەڵێك یاسا پێکدێ کە ئاخێوەرانی ڕەسەنی زمانەکە بە شێوەیەکی خۆرسکی لە بەرهەمهێنانی ڕستە ـ پێکهاتە فۆڕم ـ دروستەکاندا پێوەی پابەندن ۰

## جۆرەکانی ڕێزمان

### ⋆ ڕێزمانی دێرین Traditional Grammar

جۆرێك ڕێزمانە کە ڕۆنانی زمانێك لەسەر مۆدیلی ڕێزمانی زمانی لاتینی وەسف دەکات ۰ واتە ڕێزماناسانی دێرین لە ڕوانگەی بنەماکانی ڕێزمانی زمانی لاتینییەوە زمانەکانی تریان وەسف کردووە ۰ لە ڕوانگەی هەندێك ڕێزماناسانی دێرینەوە ڕێزمان تەنیا بە شێوەی نوسراوی زمانەوە پەیوەستە ، بۆیە بەپێی ئەم جۆرە ڕێزمانە نووسین لە قسەکردن گرنگتر و ناوەندیترە ۰ ئەم جۆرە ڕێزمانە کۆمەڵێك یاسا لەخۆدەگرێ کە ئاخێوەران پێویستە لە بەکارهێنانی زماندا پێوەی پابەندبن۰ هەروەها ئەو یاسایانەش دەگرێتەوە کە دەبێ ئاخێوەران خۆیان لە بەکارهێنانی بە دووربگرن ۰ بەم پێیە ڕێزمانی دێرین ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك یاسای پێوەری لەبارەی ڕۆنانی زمانەوە ۰

ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کاری فەیلەسوفانی گریکی کۆن و فیلۆلۆجیستانی لاتین ۰ بەکورتی ، ئەم جۆرە ڕێزمانە ناوێکە بۆ ئەو جۆرە لە وەسف کردنی ڕێزمانیدا بەکاردەهێنرێ ، کە لە ئەوروپا و ئەمریکا پێش سەرهەڵدانی زمانەوانیی هاوچەرخی سەدەی بیست باو بوو ، بە تایبەتیش ئەو وەسفانەی لە کتێبی قوتابخانەکان لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا خرابوونە ڕوو۰ ئەم جۆرە ڕێزمانە ڕەنگدانەوەی ئەو تێڕوانینەیە کە پێیوایە شێوە ئاخاوتنێکی زمانێك لە شێوە ئاخاوتنەکانی تر گرنگتر و بەهادارترە و دەبێت بکرێتە نەریت بۆ تەواوی ئاخێوەرانی زمانەکە۰

### ⋆ ڕێزمانی پێوانەیی Prescriptive Grammar

ئەم جۆرە ڕێزمانە پێوەرێك بۆ چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان لە لایەن ئاخێوەرانەوە دادەنێت ، مامەڵە لەگەڵ خراپ بەکارهێنانی زمانی و ئەو دروستی و نادروستییانەدا دەکا کە ڕێزمانووسەکان بڕوایان پێیەتی ۰ لە ڕوانگەی ڕێزمانی پێوانەییەوە پابەند نەبوون بەو یاسایانەوە زمانێکی نادروست بەرهەم دەهێنێ۰ ئەم جۆرە ڕێزمانە پشت بەو بنەمایە دەبەستێ کە ئەو یاسا ڕێزمانییانەی لەلایەن ڕێزمانووسە ڕەسەنە دێرینەکانەوە دانراون دورستن و شێوە جیاجیاکانی بەکارهێنانی ئاخێوەران نادروستن ۰ لە ڕێزمانی پێوانەییدا ڕێسای دیاریکراو و باڵا هەن کە دەبێت ئاخێوەران لە کاتی بەکارهێنانی زماندا پێوەی پابەندبن ، واتە ئەم جۆرە ڕێزمانە چەند یاسایەك لە خۆدەگرێ کە ئاخێوەران فێری دروست بەکارهێنانی زمانی دەکا و تیشك دەخاتە سەر ئەو یاسایانەش کە پێویستە لە بەکارهێنان دوور بخرێتەوە بەمەبەستی بەدیهێنانی ڕێزمانێکی باڵا۰

**★ ڕێزمانی وەسفی Descriptive Grammar**

ئەم جۆرە ڕێزمانە هەوڵی ئەوەدەدات ئەو یاسا فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسییانە وەسف بکات کە ئاخێوەرانی ڕەسەنی هەر زمانێك خۆڕسکانە پێوەی پابەندن ، ئەمجۆرە ڕێزمانە وەسفی چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان لەلایەن ئاخێوەرانەوە دەکا ، مامەڵە لەگەڵ باش بەکارهێنان و خراپ بەکارهێنانی زمانیدا ناکا ، ڕێزمانی وەسفی پشت بەو بنەمایە دەبەستێ کە بەکارهێنانی زمان لە ئاخێوەرێکەوە بۆ ئاخێوەرێکی تر دەگۆڕێ، بەم پێیەش دروستی و نادروستی ڕێزمان لەبەر چاوناگرێ ، ئەو یاسایانەی کە ڕێزمانی وەسفی هەڵیان دەهێنجێ لە بەکارهێنانی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی زمانەکەوە سەرچاوەیان گرتووە ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ڕێزمانی ستاندارد و باڵا لە ڕێزمانی وەسفیدا نییە ٠

**★ ڕێزمانی بەراورد Comparative Grammar**

لقێکە لە زمانەوانیی ، بەشێوەیەکی سەرەکی ،پەیوەندی بەشیکردنەوە و بەراوردکردنی پێکهاتە ڕێزمانییەکانی زمانەکانەوە هەیە ، لەم جۆرە ڕێزمانەدا ، ئەرکی ڕێزماناس بەراوردکردنی فۆڕمە ڕێزمانییەکانی کۆمەڵە زمانێکە ٠
توێژینەوەکانی سەدەی نۆزدە جەختیان دەکردە سەر پەیوەندی نێوان زمانەکان و کۆمەڵە زمانەکان لە ڕوانگەی ڕەچەڵەکی هاوبەشەوە ، ئەم توێژنەوانە گریمانەی ئەوەیان دەکرد کە گۆڕان لە زماندا سیستەماتیك و بە یاساحکومکراوە ، لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیە ، لە ڕوانگەی ڕەچەڵەکێکی هاوبەشەوە ، هەوڵی لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان زمانەکانیان دەدا ٠
کەواتە ڕێزمانی بەراورد بریتییە لە دیراسەکردنی پەیوەندی نێوان دوو زمان یان زیاتر لەگەڵ ئەو تەکنیکانەی بەکاردەهێنرێن بۆ دۆزینەوەی ئەوەی ئایا زمانەکان ڕەچەڵەکێکی هاوبەشیان هەیە یان نا ؟
لە کاتێکدا ڕێزمانی بەراوردیی هاوچەرخ مامەڵە لەگەڵ تیۆرێکی ڕێزماندا دەکا کە گریمانە دەکرێ پێکهێنی ناوەکی / زگماکی هۆشی مرۆڤ بێ ، بریتی بێ لەو توانستە ناوەکییەی کە بنەمایەکی لێکدانەوەیی بۆ چۆنییەتی وەرگرتنی زمان لای منداڵ دەستەبەر دەکا ٠ بەمشێوەیە تیۆری ڕێزمان تیۆری زمانی مرۆڤە و پەیوەندی نێوان هەموو زمانەکان دادەمەزرێنێت ـ نەك تەنها ئەو زمانانەی کە بەرێککەوت یان بەرووداوێکی مێژوویی پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە ٠ بۆ نموونە لە ڕێگەی ڕەچەڵەکی هاوبەشەوە ٠

**★ ڕێزمانی ئەرکی Functional Grammmar**

ئەمجۆرە ڕێزمانە مامەڵە لەگەڵ ئەرکە پڕاگماتیکی و کۆمەڵایەتییەکانی زماندا دەکا ، ڕێزمانی ئەرکی مامەڵە لەگەڵ واتا دەکا و وا سەیری زمان دەکا کە کۆمەڵێك یەکەی واتادارە زیاتر لەوەی کۆمەڵێك فۆڕم بێت ، ئەم یەکە واتادارانەش لە چەند فۆڕمێکی گوتراو و نووسراودا دەبینرێن ، ئەمجۆرە ڕێزمانە بایەخ بە شیکردنەوەی زمان دەدا لەسەر ئاستی دەق نەك لەسەر ئاستی ڕستە ٠

**★ ڕێزمانی سەراپا (گشتی) Universal Grammar**

ئەمجۆرە ڕێزمانە تیۆرێکی زمانییە ، گریمانەی ئەوە دەکا کە توانای فێربوونی زمان لە مێشکدا چەسپیوە و تۆمارکراوە ، بەپێی ڕێزمانی سەراپا توانای زمانیی بەبێ فێرکردن خۆی دەنوێنێ ، لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەوە زمانە سروشتییەکان لە کۆمەڵێك بنەمای گشتییدا هاوبەشن .

چۆمسکی پێیوایە زمان ڕێزمانە ، مەعریفەیەکی خۆڕسکە لە مێشکدا و توانستێکی گشتی زگماکییە ، لە ڕوانگەی چۆمسکییەوە ، زمان مەعریفەیەکە لە مێشکدا کۆگاکراوە ، ئەو مەعریفەیە چەند بنەمایەك لە خۆدەگرێ کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر ناگۆڕێ ، هەروەها چەند پارامێتەرێکیش لە خۆدەگرێ کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێ ، ڕێزمانی سەراپا تیۆری مەعریفەیە نەك ڕەوشت ، پشت بە ڕۆنانی ناوەوەی ئاوەزی مرۆڤ دەبەستێ .

لایەنگرانی ئەم تیۆرە کە بە ( تیۆری خۆڕسکی) یش ناسراوە ، منداڵ بە مەعریفەیەکی عەقڵییەوە لە دایك دەبێ و دێتە جیهانەوە ، واتە منداڵ لەگەڵ دایکبوونیدا توانستێکی نادیاری بۆ وەرگرتنی زمان لەگەڵدایە ، ئەم توانستە پەنهان و ناوەکییە بەهرەیەکی خواییە بۆ مرۆڤ و دەبێتە بنەمایەك بۆ وەرگرتنی زمان لای منداڵ .

بە بیروبۆچوونی چۆمسکی ، منداڵ لە کردەی زمان وەرگرتن و دروست کردنی ڕێزمانێکی تایبەت بە خۆیدا ، سوود لەم زانیارییانەی خوارەوە وەردەگرێ :ـ

أ ـ زانیارییە توانستییەکان

ب ـ ئەو زانیارییانەی تایبەتن بە زمانێك ( پارامێتەر )

ج ـ ئەو کەرەستانەی لە دەوروبەرەوە وەریدەگرێ

ئەو کەرەستانەی کە لە دەوروبەرەوە وەریاندەگرێ گرنگییان لەوەدایە کە : وشەکانی زمانەکەی فێر دەکا ، لەبەرئەوەی منداڵ بۆ ئەوەی قسە بکا پێویستی بە وشە هەیە ، وشە لە دایك نابێت ، گرنگییەکی ئەو زانیارییانە ئەوەیە کە دەبێتە ڕێنماییەك بۆ فێربوونی ڕێزمانی زمانەکە .

چۆمسکی پێیوایە زمان دوو لایەنی هەیە کە بریتین لە توانست و چالاکی . توانست بریتییە لەو یاسا و زانیارییانەی کە لە مێشکی ئاخێوەردا هەڵگیراون ، هەرچی چالاکییە بەکارهێنانی یاساو زانیارییەکانە لە بارێکی دیاریکراودا .

﴿ توانست و چالاکی ﴾ جیان لەیەکتر . ئاخێور کاتێك هەڵەیەك دەکا ، توانای ڕاست کردنەوەی هەڵەکەی هەیە ، چونکە هەڵەکان لەگەڵ یاسا و زانیارییەکانی ناو مێشك ڕێك ناکەون ، ئەمەش بەڵگەی دوو لایەنی زمانە ، توانست هەڵە ناکا هەڵەی چالاکین ، چونکە هۆکارە دەرەکییەکان وەکو ﴿ بیرچوونەوە ، ماندوویێتی ، توڕە بوون ، نەخۆشی ، سەرخۆشی﴾ کار دەکەن سەر چالاکی ، بەڵام توانست ناکەوێتە ژێر کاریگەریی هۆکارەکانی دەرەوە و دەرەوە کاری تێناکا ، واتە چالاکی ڕەنگدانەوەیەکی وردی توانست نییە .

**★ ڕێزمانی فێرکاری Pedagogical/ Teaching Grammmar**

ئەو جۆرە ڕێزمانەیە کە بە دوای دۆزینەوە و لە چوارچێوەدان و وەسفی بنەماکانی پەروەردە کردنی زمانیی و بەکارهێنانی یاسا زمانییەکاندا دەگەڕێ، یارمەتیدەرە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی نموونەیی بۆ گوتنەوە و فێرکردنی زمانی دووەم .

ڕێزمانی فێرکاری ئەو ڕێنمایی و شیکردنەوە ڕێزمانییانەن کە بۆ فێرخوازانی زمانی دووەم دانراون .

ڕێزمانی فێرکاری خستنە ڕووی لایەنی وەسفی ڕێزمانی زمانێکە ، کە بەمەبەستی فێرکردن و گوتنەوەی ئامادەکراوە بۆ یارمەتیدانی فێربوون و فێرکردنی ئەو زمانە .